# بۆ رازیکردنی ژنەکەی تووشی تاوانیش بوو



ئا: باوکی میدیا

## سەباح بەسەرهاتەکەی دەگێڕێتەوە

شەو درەنگ بوو، بەندییەکان ئەوانەی حوکمدرابوون لە دەوری یەك کۆببوینەوە و گوێیان لەبەسەرهاتی (سەباح)ی داماو دەگرت. بەندییەکان کردبوویانە عادەت شەو ناشەوێك. یان لە نێوان چەند شەوێکدا، درەنگە وەخت سەریان بەیەکەوە دەنا و دادەنیشتن و بەسەرهاتی ژیانی خۆیان بۆ یەك دەگێڕایەوە، جاری وا هەبوو، بەندییەك ئەوەندە بە تاسەوە بەسەرهاتەکەی خۆی دەگێڕایەوە، ئەوجا ئەگەر هەمووی راست بوایە یان بەشێکی راست بایە و بەشەکەی تری زادەی خەیاڵی بەندییەکە و حاڵەتە دەروونییەکەی بوایە، هەم بەخۆم و هەم بەندییە هاوڕێیەکانی ئەوانەی لە دەوری دادەنیشتن و گوێیان لێدەگرت، فرمێسك بەچاویاندا دەهاتە خوارێ. ئەو شەوە نۆرەی (سەباح) بوو، کە بەسەرهاتی گرتن و حوکمدانەکەی بگێڕێتەوە. (سەباح) دوو ساڵ حوکم درابوو، زۆری ماوەی حوکمەکەی بەسەر بردبوو، هەر مانگێکی مابوو، بەڵام تا ئەو ماوەیەش حەزی نەدەکرد باسی بەسەرهاتی خۆی بکات. بەڵام ئەو شەوە هەموو هاوڕێکانی تینیان بۆی هێنابوو و وازیان لێنەدەهێنا. لەخۆشی ئەوەش کەچی وای نەماوە ئازاد بکرێت، بۆیە هاتبووە ژێر باری داواکارییەکانی هاوڕێیەکانی. (سەباح) سەرەتا لە پەیوەندی خۆی و هاوسەرەکەی دەستی پێکرد و بەمشێوەیە دەستی بە گێڕانەوەی کرد و گوتی:

من تەمەنم گەیشتبووە (٢٤) ساڵی هێشتا ژنم نەهێنابوو. باوکم سەری خستبووە سەرم و وازی لێنەدەهێنام و دەیگوت دەبێ ژن بێنی. چەندی گوتم باوکە جارێ وەختی ژنهێنان نییە و خۆ چ پەکم لەسەر ژنهێنان نەکەوتووە و نانم لەسەر سێڵ نەسووتاوە. نەخێر کاکە وازی لێنەدەهێنام. رۆژێ سەد جاران دەیگوت: ئاخر تۆ پیاو نیت، بڵێ بۆ ژن ناهێنی، لەچیت کەمە. دەمگوت باوکە پیاوم و لە هیچیشم کەم نییە، بەڵام من نەحەزم بە ژنهێنانە و نەبیرشم لێکردۆتەوە. سوودی نەبوو. بەدایکمی گوت، دەبێ بە مانگێك ژنێکی هەر بۆ بدۆزیتەوە. سەرتان نەیەشەنم، کچێکی سێ ساڵ لە خۆم گەورەتریان بۆ دۆزیمەوە. ئەوەی ناوونیشانی کچەی بە دایکم گوتبوو، ژنێکی ناسیاومان بوو. خوا بیگرێ، کچەکەی لە جوانیان کردبووە شا جوان، لە هێمنی و سەنگینی و بێ وەییان کردبووە فریشتە. کوڕە لە کابانیان نازانم کردبوویە چی..!! ئینجا ما دایکم بێتە بن کلێشەم، ئەویش هێندەی بەسەرداگوت، چاوی وەهایە و دەم و لوتی وەهایە، ئەوە باڵایەتی، ئەوە قژیەتی، ئەوە دەسترەنگینی و خانەدانییەتی، هەر مەپرسە، ئەوەندەی وەسف کرد، خەریکبوو لە تەیرەکەی مەلای مەشهور بچێت. باشە ئاخیرییەکەی رازی کردم بیبینم، وای لێهات بینین و نەبینینی وەکو یەکی لێهات.

هیچی بە قسە نەکردم، لە ماوەیەکی کورتتدا هەموو شتێکی بڕاندەوە. ناچاریان کردم مارەی بکەم، پاشان گواستمەوە. جارێ نازانم کە من چ بەڵایەکی خودام هێناوە، دایکم گوتی: کوڕم خانووی ئێمە گەورە و دوو نهۆمە، رازی نیمە لەماڵ بچیتە دەر، ئەمە نهۆمی سەرەوەیە و لە هیچی کەم نییە. هەموو کەلوپەلەکانت دەبەیە ئەوێ. باشە ماڵم لە نهۆمی سەرەوە دانا. من کوڕە تاقانەی دایك وباوکم بووم. لە دایکم بیستبوو، دوای لەدایکبوونی من دایکم تووشی نەخۆشییەك هاتبوو، پزیشك پێی گوتبوو ئەگەر منداڵدانت دەرنەهێنی تووشی شێرپەنجەی منداڵدان دەبیت، ناچار بە نەشتەرگەری منداڵدانیان بۆ دەرهێنابوو. لەبەر هەندێ دوای بوونی من چیتر منداڵی نەدەبوو.

ئەوجا لەسەرینی ئەمەوە دایکم و باوکم حەزیان دەکرد زوو ژن بێنم و منداڵ بنێمەوە. سەرەتای ژنهێنانم دایکم زۆر نازی ژنەکەمی دەکێشا. تەنانەت نەیدەهێشت چێشتیش ساز بکات. هەربەخۆی لێیدەنا و بۆی ئامادە دەکردین. بەڵام دەمدیت ژنەکەم بەچاوی خزمەتکار تەماشای دایکم دەکات. رۆژێك بە ژنەکەمم گوت کە ناوی (سوهام) بوو، بەسە ئیتر خۆت چێشت لێبنێ، جوان نییە دایکم خواردنمان بۆ ساز بکات، کەچی لە وەڵامدا پێی گوتم: بۆ تۆ من بەخزمەتکاری دایکت دەزانی، وەڵڵا یەك رۆژ من چێشت لێنانێم. بووە مشتومڕمان دایکم پێی زانی، گوتی: کوڕم قەیدی ناکا هەر خۆم چێشت لێدەنێم. وازی لێبێنە. گوتم: کچێ دایە ئەوە هەڵەیە، ئەو ژنە دوایی بە من راست نابێتەوە. تۆش ناتوانی لەگەڵیدا هەڵبکەی، لێت دەبێتە بەڵا. دایکم گوێی پێنەدا. ئینجا فێربوو لە جلوبەرگی خۆی زیاتر هیچی دیکەی نەدەشووشت. دایکم جلوبەرگی منی دەشووشت. وردە وردە ناکۆکیمان دەستی پێکرد. ژنێك ئامادە نەبێ خواردنێکت بۆ ئامادە بکات، جلوبەرگت بشوات، هیچ کارو وەزیفەیەکی نەبێ، ئەی باشە ئەو ژنە چ دەکات، چەند جارێك بە قسەی خۆش هەوڵم لەگەڵیدا نەهاتە رایێ. هەڕەشەم لێیکرد، هەر نەهات، لێمدا، هەر سوودی نەبوو. کاکە وایلێهاتبوو دەبوو من قسە نەکەم تا ئەو جێنو و قسەی ناشیرین نەکات.

## دانانیماڵی سەربەخۆ

(سەباح) لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی تۆزێك وەستا، جگەرەیەکی داگیرساند و دوو مژی قوڵی لێدا. هاوڕێیەکیان دۆلکە ئاوێکی هێنا و پەرداخێك ئاوی بۆ (سەباح) تێکرد و ئەویش فڕی کرد و گەرووی خۆی پێتەڕ کرد. ئەوجا دووبارە دەستی بە قسە کردەوە و گوتی: ئەو ژنە لێم ببوە دەرد و بەڵا، هەرچیم بۆی دەکرد رازی نەدەبوو. کە داواکارییەکی هەبوایە، زوو بۆیم جێبەجێ دەکرد و دەمگوت بەڵکو رەفتاری خۆی دەگۆڕێت، رۆژێك باش دەبوو، دە رۆژ خراپ دەبوو. ماوەیەك دەیگوت: ئەگەر ماڵی خۆمان بکەین. ناهێڵم هیچ کێشەیەك لەماڵەکەمان هەبێ، بەڵام هەتا لێرە بین من ئاسوودە نیم لەبەر ئەوەی دایکت خۆ لە ژیانمان هەڵدەقورتێنێ. گوتم: باشە بابە، لەگەڵ ئەوەش کە سوور دەزانم دایکم فریشتەیەکە بۆ خۆی و تۆ تەنیا هەنجەتی پێدەگری، بەڵام کێشە نییە ئەوا ماڵی سەربەخۆشت بۆ دەکەم، قیروسیا، خانوویەکم بە کرێ گرت، ناچار بووم، هەم دەوامی وەزیفە بکەم و هەمیش ئێواران یارمەتی باوکم بدەم و یارمەتی لە باوکم وەربگرم ئیدارەم پێ هەڵسوڕێنم، ئەمجارە هەنجەتی بە زێڕ گرت و هەموو رۆژێ پرتەو بۆڵەی دەرکرد و دەیگوت: بزانە ژنی خەڵکی هەمووی پاوەن و خڵخاڵ و رستە و لیرە و نازانم چی وچیان بەخۆوە کردووە، منیش لە چەند پارچەیەکی بچوك زیاتر هیچم نییە، حەزم لێیە خڵخاڵم بۆی بکەی، ماوەیەکیش فێر ببوو ناوە ناوە دەیگوت مۆبایلەکەم بۆ بگۆڕە، ئامێرێکی ترم بۆ بکڕە و ئەو مواسەفاتانەی هەبێ. ئیتر وردە وردە کەوتمە ژێر قەرز. شەو و رۆژ راکە راکەم بوو پێڕانەدەگەیشتم، نەمدەزانی داواکارییەکانی ئەو جێبەجێ بکەم، یان قەرزەکانی بدەمەوە. چەند جارێك لەگەڵ خاوەن قەرزەکان بووە ناکۆکیمان و شکایەت و شکایەتکاری هەر جارەش باوکم قەرزەکانمی دەدایەوە و لە کێشەکە دەربازی دەکردم. ئیتر ئەم ژنە ماوەیەك بێدەنگ دەبوو، ماوەیەکی دیکە بەهانەی بەشتێکی ترەوە دەگرت و پرتە پرت و بۆڵە بۆڵی دەست پێدەکردەوە و مێشکی دەخواردم. دەمکردە شەڕ و فرتەنەیەك نەبێتەوە، کەچی هەر ئەو دەمی بوو، دەستی پێدەکردەوە و یان داواکارییەکانی دەبوایە جێبەجێ بکەم یان وازی لە بۆڵە بۆڵ نەدەهێنا و نەیدەبڕیەوە، چەندین جار لەگەڵ ماڵی باوکم قسەم دەکرد. ئەوان لەم خراپتر بوون. هەمیشە پشتگیری ئەویان دەکرت، رۆژێك فشاریان بۆ نەهێنا، ئامۆژگاریان نەدەکرد، سەرزەنشتیان نەدەکرد، نەخێر هەموو جارێ من تاوانبار و ئەو بێتاوان و زولم لێکراو بوو. ئەمجارە خانم داوای مۆدێلی تازەی ئۆتۆمبیلی دەکرد، دەمگوت: ئاخر من پارە لە کوێ بێنم ئۆتۆمبیلت بۆ بکڕم، دەیگوت کەیفی خۆتە. دەی بە ملی شکاوم، ملم بۆ ئەو داوایەش کەچ کرد و ئۆتۆمبیلێکم بە قست بۆی کڕی، بەڵام ئەوەندەم باش بوو، بەناوی خۆمەوە کردبوو، مانگی یەکەم و دووەم قەرزی ئۆتۆمبیلم بە زەحمەت دا، مانگەکانی تر پارەکەم نەبوو بیدەم. کابرای خاوەن پیشانگا، کە ئۆتۆمبیلی بە قەرز پێدابووم، چەند جارێك ئاگاداری کردمەوە. هەر نەبوو بیدەم. قەرز کەڵەکە بوو، گەیشتە چوارمانگ. بە ژنەکەمم گوت: ئەوە چوار مانگە قەرزی ئۆتۆمبیلم لەسەر کەڵەکە بووە، با لەسەر ئەو قەرزە نەچمە بەندیخانە، وەرە با بیفرۆشین و قەرزەکان بدەینەوە و ئۆتۆمبیلێکی هەرزانترت بۆ دەکڕم، کەچی ئەو دەیگوت تۆ چ عەقڵێکت هەیە، من لەم ئۆتۆمبیلی مۆدێل تازەیە بچمە سەر ئۆتۆمبیلێکی مۆدێل خوارتر. کابرای خاوەن قەرزیش بەردەوام داوای قەرزەکەی دەکرد. نەمدەزانی چی پێ بڵێم، لە دڵی خۆمدا بڕیارمدا ئۆتۆمبیلەکە بفرۆشم و لە بن دەستی ژنەکەم دەربێنم، من ئەو نەخشەیەم هەبوو. خۆشم بە نیاز بووم، بە خاوەن قەرزەکە بڵێم وەرەوە ئۆتۆمبیلەکەم لێبکڕەوە، با بە زەرەیش بێ، قەیدی ناکا قەرزی خۆی لێبگێڕەوە و باقییەکەی ترم بدێ. دامنابوو ئێوارە تەلەفۆنی بۆ بکەم و بڕیارەکەی خۆمی پێ بڵێم. لەو خەیاڵاتەدا بووم کە زەنگی تەلەفۆنەکەم لێیدا و سەیری شاشەکەم کرد دیتم کابرای خاوەن قەرزە. کە وەڵامیم دایەوە بەو نیازە بووم کە پێی بڵێم ئێوارە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە دێم، کەچی کابرا لەسەر تەلەفۆنەکە دەستی بە قسەی ناشیرین و جنێو کرد و گوتی لە کوێی وا من دێم و بزانە چۆن بە شەق و شەلاق ئەو قەرزەت لێدەستێنم، کابرا زۆر سووکایەتی پێکردم و زۆریش جنێوی ناشیرینی دا. قسەیەك لە من و یەکێك لەو، لەسەر تەلەفۆن شەڕێکی پێمان کرد، کابرا سوێندی بە تەڵاق خوارد گوتی وا دێم بۆ کوشتنت. دوای نیو کاتژمێر هاتە ماڵ، هاتمە دەرەوە خەڵکی گەڕەك زانیان کێشە روویداوە هاتبوونە دەرەوە. کابرا لەناو ئۆتۆمبیل هاتە خوارەوە، خۆی و دوو کەسی تر بوون، یەکسەر بەرەو رووم هات و هەتا گرتی شەقەزللەیەکی لە بن گوێم دا. منیش تا گرتم مستێکم لە نێو چاوی دا. دووکەسەکەی تریش بۆم هاتن، دراوسێکانم کە دیتبوویان بەسێیان هاتوونە لێمبدەن، دووکەسەکەی تریان بەرزەت کرد و نەیانهێشت دەستم لێبوەشێنن. من و کابرای خاوەن قەرز بووە شەڕمان، لەپڕ هەر هێندەم زانی دەمانچەیەکی دەرهێنا و سواری کرد، منیش تاوم دایێ و زوو دەستیم گرت، چەند گوللەیەکی لەدەست تەقی و یەکێکی تریشی لەدەست تەقی و پشتاو پشت بەربۆوە و گوللیەکی دیکە تەقی و بەسەری کەوت، هەر ئەو دەمی گیانی لەدەست دا. گوتم ئای قوڕم بەسەر تووشی چ بووم، یەکێك لە دوو زەلامەکەی تر کوڕی بوو، ئەویش دەمانچەی دەرهێنا و من خۆم دایە پەنا و دوو سێ گوللەی تێگرتم و لەگەڵ گوللە تەقاندن بۆشم دەهات، دەمزانی ئەگەر نەیکوژم، مسۆگەر هەر دەمکوژێ چارم نییە، ناچار بووم گوللەیەکم تێگرت بەسەر دڵی کەوت ئەویش بەربۆوە و دوای چەند چرکەیەك ئەویش مرد. بەمجۆرە کەوتمە بەندیخانە و بە دوو ساڵ حوکم درام. ئیتر باوکم جەڵتە لێیدا و ئێستا و ئێستاش نیوەی جەستەی ئیفلیجە. ژنەکەش کە کەوتمە زیندان، هاتە سەردانم، کە جارێ حوکم نەدرابووم، منیش برادەرانی نێو زیندان و پۆلیسەکانم کردە شایەد و سێ بەسێ تەڵاقم دا، ئێستاش وا لە نێو ئێوەدام و دوو ساڵە وا ژیان لەناو بەندیخانەدا بەسەر دەبەم و لەناو ئێوەی ئازیز دام و چاوەڕێم حوکمەکەم تەواو بێ و بچمەوە لای دایك و باوکی ئازیزم.

سەرەتای ژنهێنانم دایکم زۆر نازی ژنەکەمی دەکێشا. تەنانەت نەیدەهێشت چێشتیش ساز بکات. هەربەخۆی لێیدەنا و بۆی ئامادە دەکردین

ناچار بووم، هەم دەوامی وەزیفە بکەم و هەمیش ئێواران یارمەتی باوکم بدەم و یارمەتی لە باوکم وەربگرم ئیدارەم پێ هەڵسوڕێنم

# بۆچی دەستبەرداری منداڵەکان

ژیانی کولەمەرگی و بێ چارەیی خێزانێك (ئەمیـــن) کـــە خێزانـــی پێکەوەنـــا، کاروکاســـبییەکی بـــاش و ژیانێکـــی باش و گوزەرانێکی مامناوەندی هەبـــوو، کابرا بووە خاوەن چوار منداڵیش هیچ کێشـــەیەکی وای نەبوو شـــایەنی باس بێت، بەڵام لەپڕ نەخۆش دەکەوێت و بەدەردی نەخۆشییەوە پەککەوتەی ناو جێگە دەبێت، بالێگەڕین (حەسیبە)ی خێزانی دەردە دڵی و خۆشـــی و ئەندێشـــە و ناخۆشی و ناگوزەرانییەکانـــی خۆیمـــان بۆ بگێڕێتەوە، ئەویش بەم شێوەیە باسی گرفتەکانی خۆیانی کرد و گوتی: کە مێردم کرد ژیانێکی خۆش و ئارام و سەقامگیرمان هەبوو، کێشەیەکی وامان نەبوو، شایەنی باس بێت.، بەڵام دوای ئەوەی بووینە خـــاوەن چوار منداڵ، لەپـــڕ پیاوەکەم دووچاری نەخۆشـــییەکی کوشـــندە هات، تا دوو ســـێ مانگانیش پزیشـــکەکان سەریان لە نەخۆشییەکەی دەرنەدەکرد، هەریەکەی ناوێکی لێدەنا و مســـتە دەرمانێکیان بۆی دەنووسی. بەڵام ئەو نەك هەر بەرەو باشی نەڕۆیی بەڵکو رۆژبەرۆژیش خراپتر دەبووو. ئەو شـــەو و رۆژ دەکوڵێ و هەناسەی تەنگ دەبوو. ئەگەرچی بەژیانیشـــی جگەرەیەکی نەکێشـــابوو کەچی دواتر، پزیشـــکەکان دەیانگوت ئەوە هەمووی بەهۆی دوکەڵی پیس و گازەوە دووچاری ئەو نەخۆشـــییە هاتووە، تا ئاخیرییەکەی پزیشکێك دوای ئەوەی لەنەخۆشـــخانە بـــۆ ماوەی دوو هەفتـــە نوانـــدی و پشـــکنینی جۆراوجۆری خوێن و تیشـــکی بۆ گرت، پێی گوتین ئەوە تووشـــی شێرپەنجەی ســـییەکان هاتووە ئینجا لێی پرســـیم و گوتی: ماڵتان لە کوێیە، گوتم ماڵمـــان نزیکە لە ناوچەیەکی پیشەســـازی و کارگەی قیر و بەرد شکاندن و ئەوانەی لێیە. پزیشـــکەکە گوتی: ئەوە هەمووی بەهۆی ئەو دوکەڵە پیســـەی ئەو کارگانەوە تووشـــی ئەو نەخۆشییە گرانە هاتووە و ماوەیەکی زۆر گاز و دوکەڵی پیســـی ئـــەو کارگانەی هەڵمژیوە. تازەش نەخۆشییەکەی لێی پیس کردووە. دەبێ چەند جارێك نەشـــتەرگەری بکرێت بۆ ئەوەی زوو نەمرێت. ئینجا کاتی نەشتەرگەری کردنی بۆ دانا و لەکاتی خۆیدا نەشـــتەرگەری کرد، دوو ســـێ مانگان هەتا هاتەوە ســـەرەخۆ هەر لە نەخۆشـــخانە و دواتر سەردانی پزیشك و لەو رێگەیـــەدا بووین. ئینجا لەبەر ئەوەی پیاوەکەم توانـــای کارکردنـــی نەمابوو، بۆیە ســـەرەتا هەرچـــی پارەی هیشـــکەمان هەبوو لە ماڵێ لەداو و دەرمان و پزیشـــك بەخەرجمان دا. زۆر جاریش لەبەر بێ پارەییان ناچار دەبووین، داوای پشکنین و دەرمانمان لە پزیشکەکە دەکرد تاوەکو لە نەخۆشخانە بۆمان دابین بکات. تا وایلێهات وردە وردە کەلوپەلی ناوماڵمان بۆ دابینکردنی خەرجی چارەسەرکردن و داودەرمان دەفرۆشت. تا ئەو کاتەی کەلوپەلێکمان مابوو، فرۆشتمان، کە هیچمان نەما، داوای خێرم لەم و لەو دەکرد و بەو بۆنەشەوە هەندێ کەسی خێرخواز ماوەیەك یارمەتیـــان داین، بەڵام داخـــی گرانم هەموو ئەو هەوڵانەش بـــە فریای مێردەکەم نەکەوتن. چونکـــە دوای ســـاڵێك لـــە ململانێ لەگەڵ نەخۆشی ئاخیرییەکەی دەردەکەی بەتەواوەتی لێی پیس کرد و بەتەواوەتی لە پەلوپۆی خست و لەبەرەبەیانێکی رۆژی هەینی لە نەخۆشخانە گیانی لەدەســـتدا، کە مـــرد خەڵکی کفن و دفنیان کرد و ناشتیان، پارەمان نەبوو تازییەش دابنێین. خۆشی لە خوشکێك زیاتر کەسی تری نەبوو، ئەویش ماڵی لە شارێکی تر بوو. ئەوەی تر هەندێك یارمەتیـــان دا و دواتر ئەوانیش لە توانایاندا نەما. بەڕاستی ئەوکات بارودۆخێکی زۆر ناخـــۆش بوو، گرانییەك لەباســـی کردن نایەت. من و منداڵەکانـــم بە کولەمەرگییەوە ماینەوە. بە چێشت و نانی ماڵە جیرانان دەژیان. ناچار بووم، خزمەتکاری لە ماڵان بکەم و خۆم و منداڵەکانمی پێ بژیەنم، منداڵەکانم ســـێ کیژ و کوڕێك بـــوون. تەمەنیان لە نێوان (٨-١٤) ساڵیدا بوون. منداڵی گەورەم کە کچ بوو گەیشـــتبووە تەمەنی چواردە ساڵان. ماڵێکی دەوڵەمەنـــد بە وەزعی منیان زانیبوو. ماوەیەك یارمەتیان داین. ماوەیەکیش سۆراغیان کردین و بزانـــن چۆنین و نـــاو و ناوبانگمان چۆنە. کە دیتیان من ســـەرەڕای ئەو کولەمەرگی و رەزالەتـــی و نەبوونییەش کـــە تیایداین، بەڵام خێزانێکی بەڕەوشـــت و ســـەربەرز و ناوبانگ باشـــین. رۆژێـــك پیاوێك و ژنێکی پۆشـــتە، لەبەردەرگامان لـــە ئۆتۆمبیلەکەیـــان هاتنە خوارەوە و هاتنە ژوورەوە. کە سەیرم کردن، دیتم ئەو ماڵەن کە هەموو رۆژانی هەینی خواردنمان بۆ دێنن، ئەوان هەربە پێوە بوون کە شۆفێرەکەیان هەندێ کەرەستەی خواردەمەنی هێنایە خوارەوە و پیاوەکـــەی کە ناوی (دلێر) بوو پاش چاك و چۆنی و هەواڵپرسین و ئەو شتانە، ئەوجا هاتە سەرهۆی هاتنەکەی و گوتی (حەسیبە) ئێمە دەمێکە تۆ دەناسین، دەزانین کە ژنێکی رێك و پێك و سەربەرزی، سەرەڕای ئەو مەرگەساتەش کە تیایـــدا دەژی، لە مـــاڵان کار دەکەی بۆ ئـــەوەی بتوانی ئەو منداڵانەت بەخێو بکەی و بشـــیاننێریتە قوتابخانە. ئەوجا ئێمەش زۆرمان بیرکردەوە کە بتوانین بەشێوەیەك یارمەتیت بدەین کە نەبێتە خێروخێرات و دەست پانکردنەوە، بۆیە بیرمان کـــردەوە کە لەبەر ئەوەی ئێمە منداڵمان نییە و بەتەنیاین، ئەگەر حەزت لێیە. (نێرگز)ی کچـــە گەورەت بدە ئێمـــە و هەم یارمەتی ئێمەش دەدا و هەم ئێمەش یارمەتی تۆ دەدەین و ئەویش وەکو کچی خۆمان تەماشا دەکەین.

**حەسرەتی منداڵ لەدەست دەرچوون**

(حەســـیبە) تا ئێرە بە بەردەوامی و یەکبینە باســـی خۆی بەبێ پچڕان دەگێڕایەوە، ئینجا تۆزێك راوەســـتاو ئاخێکی قوڵی هەڵکێشـــا و دەســـتی بە قســـان کردەوە و گوتی: ئاخ کە نەبوونـــی دەردەێکی گەلێك گرانـــە، لەمێژە گوتوویانە کە برســـێتی رەگێکـــی لە هاری دایە، من ئەگەر برسی نەبومایە قەت منداڵی خۆم دەدایە خەڵکی. بـــە هەرحاڵ ئەو جاری داواکەیانـــم رەتکردەوە. بەڵام ئەوان دوو ســـێ جاری تریـــش داوایان کردووە و ئێمەش رۆژ بە رۆژ وەزعمـــان خراپ و بازاڕیش بەرەو گرانی زیاتر و زیاتر دەچوو، خۆشم بەرامبەر بەو خێزانە زۆر شەرمەزار دەزانی. کە چەند جارێك هاتن و داواکەیانم رەتکردەوە و ئەوانیش ئەوەندە بۆم باش بوون. دواجار هەستام لەناووناوبانگی ئەو ماڵەم پرســـی، زانیم کە ماڵێکی تا بڵێی بە حەیا و بە ناموســـن و زۆریش چاوتێر و دەوڵەمەندن. دیســـان هاتنەوە و داوای (نێرگز)یان کردەوە. منیش هەندێ قســـەم لەگەڵ کردن و باســـی مەرجەکانـــی خۆم بۆ کردن. ئەوانیش بەهەموو مەرجەکانـــم رازی بوون و گوتیان لای خۆمان دەیخەینـــە قوتابخانە و وەکـــو کچی خۆمانی حســـێب دەکەین. ئەوەبوو هەفتـــەی یەکەم و دووەمم زۆر بە زەحمەتی بڕی. پاشـــان رۆژێك بەســـەردان هێنایانەوە و تا ئێوارە لەلام بەجێیان هێشـــت، بەڕاســـتی رەنگ و رووی هاتبووە ســـەرەخۆی، بەجلوبەرگێکی ئەوپەڕی خاوێن و نوێوە، لە قوتابخانەیەکـــی ئەهلیان دانابوو. هەڵسوکەوتیشـــیان لەگەڵـــی تابڵێـــی باش و میهرەبانانە بوو. بەهەرحاڵ کە لێی دڵنیابووم. ئیتر تا رادەیەکی زۆر نیگەرانیم نەما و ئاسوودە بـــووم. ئینجا کە ئێوارە هاتنەوە (دلێر) گوتی: (حەســـیبە) ئامۆزایەکم وەکو ئێمە منداڵییان نییە، زۆر حەز دەکەن منداڵی خێزانێکی باشیان لەلابێت بۆ ئاوەدانی. ماڵێکی تا بڵێی چاوتێر

**لەبەرەبەیانێکی رۆژی هەینی لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا، کە مرد خەڵکی کفن و دفنیان کرد و ناشتیان، پارەمان نەبوو تازییەش دابنێین**

**ئەوانیش بەهەموو مەرجەکانم رازی بوون و گوتیان لای خۆمان دەیخەینە قوتابخانە و وەکو کچی خۆمانی حسێب دەکەین**



و باشن. من بۆخۆم ئامۆزای خۆم باش دەناسم کە چەند مرۆڤێکی میهرەبان و نەجیبە. کە چاوی بە (نێرگز)ی ئێوە کەوت، زۆر زۆری را لێبوو دەیگوت سەد رەحمەت لەو دایکەی ئەو منداڵەی وەها بەخێو و پەروەردە کردووە، ئەگەر حەزت لێبوو دەتوانی ئەو کچەت کە لە نێرگز بچوکترە بیاندەیتێ و ئەوانیش وەکو منداڵی خۆیان حسێبی بۆ دەکەن. دوو سێ هەفتان مەسەلەکەم تاوتوێ کردو چەند جارێك ئامۆزاکەی (دلێر) بەخۆیان هاتنە ماڵمان و داوای (شیلان)ی کچەکەی تریان کردم. (شیلان) لە (نێرگز) بچوکتر بوو. منیش کە دواتر تاقیمکردنەوە، زانیم کە ئەوانیش خێزانێکی باشن و گوتم: باشە، بەڵام هەرکاتێك گوتم: کچەکەم دەوێتەوە نابێ ئێوە رێگری لە گەڕانەوەی بکەن. هەروەك بەهەمان شێوەش لەگەڵ کاك (دلێر) و خێزانەکەی رێککەوتووم. ئەویشم بەشێوەیەکی کاتی بەواندا و گوتم: تاوەکو خودا دەروویەکی خێرمان لێدەکاتەوە.

بەڕاستی ئەوەی قەت لە خەیاڵمدا نەبوو، ئەوەی چاوەڕێم نەدەکرد رووبدات، روویدا. ئەویش ئەوە بوو رۆژێکی هەینی (دلێر و خێزانەکەی) بڕیار دەدەن بچنە سەیران و (نێرگز)ی کچیشم لەگەڵ خۆیاندا دەبەن. کە دەچنە سەیران، لەسەر داوای (نێرگز)ی کچم دەچنە (بێخاڵ) لەوێ لەکاتی گەڕانەوەیاندا لۆرییەکی گەورەیان لە پشت دەبێ و ستۆپی نامێنێ و لە پشتەوەڕا خۆی دەکێشێ بە ئۆتۆمبیلەکەی (دلێر)، ئەویش هەر هێندە دەزانێ شتێکی بەوپەڕی هێزەوە خۆی پیا کێشا، نەیزانی چی بوو، ئەوەندەی زانی کە لۆرییەك لە پشتەوەڕا پاڵی پێوە دەنێ و ئەوەها لێیان گیر دەبێ بواری خۆدەربازکردنیان نامێنێ و ئۆتۆمبیلەکەیان بە شاخێك دا دەدات.

لە ئەنجامی خۆپیاکێشانەکە وخۆ لە شاخ دانەکە هەرسێکیان (دلێر و هاوسەرەکەی و نێرگز)ی کچم دەمودەست دەمرن. کە هەواڵیان بۆ هێنام من لە هۆش خۆم چووم. ئای خودایە چیم بەسەرهات، نە خۆراکم ما، نە خەو و ژیانم، نە هیچ شتێك. ژیان و دنیام لە پێش چاو تاریك بوو. باوەڕم نەدەکرد (نێرگز) مردووە. نەمدەهێشت بیخەنە ناو گۆڕ. قوڕی دنیام بەسەرخۆمدا کرد. بە چوار کەسان لەسەر قەبرەکەیان لادام. من پێنج شەو و رۆژان هەر لەخۆم دا و خۆم رنییەوە. چونکە من ببوومە هۆی مردنی کچەکەم. ئەگەر نەمدابایە ئەو ماڵە، ئەو بۆ تووشی ئەو رووداوە دڵتەزێنە دەبوو، بۆ بەو چارەنووسە رەش و شوومە دەگەیشت و منیش سکم دەسووتا. لە ترسان (شیلان)یشم وەرگرتەوە. بەڵام دوای دوو سێ هەفتە زانیم کەوا (دلێر) پارچە زەوییەکی بەناوی (نێرگز)ی کچم کردووە و بە ئێمەشی نەگوتبوو.

داخەکەم کابرایەکی زۆر باش و میهرەبان بوو، زۆری (نێرگز) خۆش دەویست و بەڕاست کردبوویە کچی خۆی. بەڵام فایدەی چییە، لە دەستم رۆیشت و جەرگم سووتا. هەموو جارێك دەڵێم، بریا مردن هەبوایە بەس برسێتی و هەژاری نەبوایە. سەری هەموو دەرد و بەڵایان لە هەژاری دایە.

## ى بوو؟

## نووسەر و ئەکادیمیستی میسری (د. مەروە متوەلی) بۆ گوڵان :

# نامووس پارێزی سەرچاوەی زۆرب...



***(د. مەروە متوەلی) نووسەر و رەخنەگرێکی دیاری نێوەندی رۆشنبیری میسرییە، هەڵگری بڕوانامەی دکتورایە لە رەخنەی ئەدەبی، خانمی(متوەلی) پێشتریش بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە راگەیاندن بەدەست هێناوە، لە رۆژنامە و گۆڤارە بەناوبانگەکانی وڵاتی میسر دیارترینیان رۆژنامەی(ئەهرام) نووسینەکانی بڵاودەکاتەوە، بەشێوازێکی ئەکادیمیانە تەرحی گرفت و ئاریشەکانی ژنان دەکات و چارەسەری گونجاویشیان بۆ دەخاتە روو، هەروەها چەندین لێکۆڵینەوەشی دەربارەی کاریگەری میدیا لەسەر بینەر و پەیوەندی نێوان راگەیاندن و ئاریشە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکردۆتەوە، خانمی (متوەلی) ئێستا وانەبێژە، لە زانکۆی(المنصورە) .***

***(گوڵان) لە دەرفەتێکدا پەیوەندی پێوەکرد و ئەو دیمانەیەی لێکەوتەوە.***

**• مەسەلەی نامووس لە رۆژهەڵاتدا مەسەلەیەکی هەستیارە، رۆژهەڵاتییەکان بەتایبەت کۆمەڵگە ئیسلامییەکان هەردەم شەرەف و پێگەی کۆمەڵایەتیان بەنامووس و ئاکاری ژنەوە دەبەستنەوە تۆ هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

-چەمکی نامووس لە کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکاندا هەڵگری مانا و مەدلولاتی تایبەتە، چەمکێکە بە چوارچێوەیەکی کۆنکریتی، لە قاڵب دراوە، نامووس لای رۆژهەڵاتییەکان بە قەد ئەوەی پێناسەکەی لە خاڵێکی دیارکراو بچووك کراوەتەوە، بە قەد ئەوە مەفهومێکی نارێك نابەخشێت.

بێگومان هۆکارەکان پەیوەستن بە سروشتی پێکهاتەی کۆمەڵگە و یاسا و ئایین و عورف، ئەو سێکوچکەیە کە کۆمەڵگە بەڕێوەدەبەن و راستەوخۆ کاریگەریان لەسەر ژیانی تاك و کۆمەڵ هەیە، جیاوازی لە ئایدیا و شێوەی ژیان و کلتووری کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵگەیەك بۆ جیاوازی لەو سێکوچکەیە و کاریگەرییەکانیان لەسەر کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە.

لە هەندێ کۆمەڵگەدا خەڵکی لە رێگەی عادات و ترادسیۆنی کۆمەڵایەتییەوە ئیستغلال دەکرێت، لە هەندێکی دیکەدا حوکمی ئایین باڵا دەستە و کەسانێك بەناوی ئایینەوە دەیانەوێت رابەرایەتی کۆمەڵ بکەن، لە

# ــــەی بەڵاو ئاریشەکانی ڕۆژهەڵاتە

هەندێکی دیکەشدا یاسای مەدەنی یان یاسا دانراوەکانی بە تەواوەتی دوور لە حوکمی عادات و ئایینە کۆمەڵگە بەڕێوە دەبەن.

لە ڕۆژهەڵاتدا سەرباری ئەوەی هورژمی ئایین و عاداتی کۆمەڵایەتی ئامادەگی تووندی لە ژیانی تاك و کۆمەڵدا هەیە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کۆمەڵگەیانە لە ڕووی ئیتن و مەزهەب و سستەمی سیاسییەوە، جیاوازن، بەڵام کاتێك باس لە چەمکێکی دیارکراوی وەك چەمکی شەرەف دەکەین دەبینین زۆرینەی میللەتانی ڕۆژهەڵات پێناسەیەکی هاوشێوە و هاو دیدگایان هەیە دەربارەی ئەو چەمکە، ڕوونتر دەتوانین بڵێین سەرجەم ئەو جیاوازییانەی ئاماژەمان پێدان لە بەردەم پرسی نامووس دا کاڵ دەبنەوە و بوونیان نامێنێ.

**• پیاوان لە پێناو پەردەپۆش کردنی خراپی و کەموکوڕییەکانیان نامووسی خۆیان و بنەماڵەکانیان بەشەرەفی ژنەکانیانەوە گرێدەدەن، لە کاتێکدا گەر تۆ لە ڕووی زانستییەوە تەماشای ئەو چەمکە بکەی دەبینیت چەند ئاکارێکی دیکەی وەك درۆ و دزیکردنیش دەگرێتەوە، بەڕای تۆ هۆکارەکە ئایینە یان تەقالیدی کۆمەڵگە؟**

- هۆکارەکە بە پلەی یەکەم پەیوەندی بە ترادسیۆنە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە، چونکە، ئەو کۆمەڵگەیانە هێشتا نەیانتوانیووە خۆیان لە قەڵەمڕەوی خێڵ دەرباز بکەن، ئینجا بە پلەی دووەم ئایین حوکم دەکات، بە دوای ئەودا، ڕۆڵی یاسای مەدەنی دێت، نەریتی کۆمەڵگە بەربەستێکی بەتینە لەبەردەم خواست و ئاواتەکانی تاك، زۆرینەی ئەو نەریت و عاداتانە، ناکۆکن لەگەڵ ئەحکامەکانی ئایین و یاسا، بەڵام لەگەڵ ئەوەش تاك دەستەوەستان لەبەردەمیان دەوەستێ و ناتوانێ جێبەجێیان نەکات.

- کاریگەری عاداتە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ژنان دوو هێندە بە بەراورد لەگەڵ پیاوان، واتە چەوساندنەوە و نەهامەتییەکانی ژنان تایبەت و گەورەترن، ژنان پشکی تایبەتیان لە زوڵم و چەوساندنەوە هەیە، ژنان گیرۆدەی دەستی ژنان و پیاوانن، ترادسیۆنە کۆمەڵایەتییەکان هەوڵی ئیستغلالکردنی تەشریعاتە ئایینیەکان لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەدەن، عاداتی کۆمەڵگە لە پێناسەکردنی چەمکی نامووسدا پەنای بۆ ئایین بردووە، بەتایبەت لە سزادانی کەسی زیناکار، بەڵام بەداخەوە کۆمەڵگە تەنیا ئەو سزایە لە هەمبەر ژنان پەیڕەو دەکا لە بەرامبەردا پیاوی زیناکاری ئازاد و دەست کراوە کردووە، کەچی لە بنەڕەتدا ئایین نێر و مێ وەك یەك سزادەدا و یەك پلەی تاوانبارییەتیان هەیە. بەپێی تێکستە ئایینییەکان، درۆ و دزی و غەشکردن دەچنە چوارچێوەی ئاکاری کۆمەڵایەتی نامووسەوە، کەچی کۆمەڵگە ئەو پێناسەیەی تەنیا لەجەستەی ئافرەت کورت کردۆتەوە، بەداخەوە ئەو دیدگایە جیاوازییە ڕەگەزییەکانی قووڵتر کردووە و گوناهاکەی خستۆتە ئەستۆی ژنان.


**• وەك ئاماژەمان پێدا ئەو بیرکردنەوە هەڵەیە لە پێناو باڵادەست بوونە بەسەر ژنان و شاردنەوەی لایەنە نەنگ و لەرزۆکەکەی پیاوانە، ئێوە چۆن شرۆڤەی ئەو حاڵەتە دەکەن، بەتایبەت کاتێك کۆمەڵگە جەستەی مێینە بە گوزارشت کردن لە کەسایەتی پیاوان دەبەستێتەوە؟**

بێگومان تەنیا تاوانبارکردنی ژنان لە مەسەلەی نامووسدا بۆ شاردنەوەی تاوانی پیاوانە، پیاوان کاراکتەری سەرەکی تاوانەکانی نامووسن، چۆن ژنان بەشێك لەبەر پرسیارییەتیان دەکەوێتە ئەستۆ، پیاوانیش بە هەمان شێوە، نامووس پارێزی سەرچاوەی زۆربەی بەڵا و ئاریشە کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتە.

یاسای خێڵ ناتوانێ چارەسەری کێشەکانی نامووس پارێزی بکات، چونکە هزری نێر سالاری هەردەم پیاو بە بێ گوناە و بە پەپوولە دەزانێ، ناتوانێ سەرزەنشتی بکات، دووفاقی کەسایەتی و دوو ڕوویی و تاوانەکانی نامووس، هەموویان دەرهاوێشتەی سستەمی نێرسالارین.

**• چارەسەری لە چیدایە، چۆن دەتوانین خوێندنەوەیەکی واقیعی و هاوچەرخانەی چەمکی نامووس بکەین؟**

- پێویستە ئافرەت وەك مرۆڤ مامەڵە بکرێ، پیا و ئافرەت هەردووکیان مرۆڤن، هەردووکیان بەرپرسیارن بەرامبەر ئاکار و کردارەکانیان، نابێ کەسیان باجی هەڵەی یەکتری بدەن، چونکە وەك دوو مرۆڤ هەریەکەیان هەڵگری نامووسی خۆیانن، پێویستە ئەوەش بزانین کە زینا زیاتر لە جۆر و ڕووێکی هەیە، جگە لە زینای جەستەیی زینای فیکر و وشە و قەڵەمیش هەیە و هەموویان دەچنە خانەی نامووسەوە.



لە ئاییندا درۆ و دزی و غەش کردن دەچنە خانەی ئاکاری کۆمەڵایەتی و نامووسەوە

دووفاقی کەسایەتی و دوو ڕوویی و تاوانەکانی نامووس دەرهاوێشەی سستەمی نێر سالارین

# ئەو ژن و مێردەی دادگا ئاشتی کردنەوە

(فەلاح)ی پارێزەر هاوڕێیەکی نزیکم بوو، سالآنێکی زۆری کاری پارێزەرایەتی بردۆتە سەر و لە کێشە خێزانییەکانیشدا بەدەیان کێشەی هەبووە و شارەزاییەکی چاکی لەو بوارەدا لەلا کەڵەکە بووە کاك(فەلاح) کێشەیەکی سەرنجڕاکێشی بۆ گێڕامەوە کە بەسەرهاتی ژن و پیاوێکە- سالآنێکی زۆر ژیانی هاوسەرێتیان بەسەربردوو ئاخیرییەکەی لە پاش دە ساڵان ژن و مێردایەتی، ژنەکە هاتە لام و گوتی: من دەمەوێ لە مێردەکەم جیا ببمەوە و تۆش ببە پارێزەرم و مافەکانم مسۆگەر بکە، (فەلاح)ی پارێزەر بەمجۆرە دەستی بە گێڕانەوەی کێشەی ئەو ژنە کرد و گوتی: پاش نیوەڕۆیەك لە نووسینگەکەی خۆمدا بە تەنیا دانیشتبووم و کتێبێکی یاساییم لە دەست بوو دەمخوێندەوە، لەپڕ ژنێکی نزیکەی سی ساڵە لە دەرگای ژوورەکەی دا و سەلامێکی کرد و ئیزنی هاتنە ژوورەوەی کرد، منیش وەڵامی سەلامەکەیم دایەوە و فەرمووم لێکرد کە دابنیشێ، ژنە، ئافرەتێکی سپیلکەی جوان و بەژن بڵند و سەنگین بوو، لە قسەکردنیشدا دەرکەوت کە ژنێکی بە حەیا و حورمەت و خاوەن کەسایەتی خۆیەتی گوتی: من لە تەرەف فلآنە کەس هاتیمەو کێشەیەکم هەیە و دەمەوێ ببیە پارێزەرم، منیش گوتم: بەسەرچاو فەرموو کێشەکەت باس بکە، ژنەکە بەمجۆرە دەستی بە گێڕانەوەی کێشەکەی کردوو و گوتی: نزیکەی دە ساڵێکە مێردم بە پیاوێك کردووە ناوی (گەیلان)ە، پیاوەکەم منداڵی نابێت وەکو لەسەردانەکانمان بۆ پزیشکەکان بۆمان روون بۆتەوە کە زۆرییەتی نییە و مەسەلەکەش بەدەست خۆی نییە، بەڵکو عللەتێکی ویراسییە، پیاوەکەم، سێ چوار برای دیکەی هەن، یەکێ لەو برایانەشی ئەو هایە، مامێك و پلکێکیشی هەر ئەو دەردەیان هەیە، من هەر چەندە زۆرم حەز دەکرد منداڵم ببێ، بەڵام کە پزیشکەکان بێ ئومێدیان کردم بە ڕاستی، ئەو حەزەم، لەبەر خاتری پیاوەکەم لە دڵی خۆم دەرهێنا، چ رۆژێکیش بە چاویم دانەدایتەوە، بگرە هەر بەخۆم دڵی پیاوەکمم دەدایەوە دەمگوت: سەبر و قەرارت هەبێ، دیارە خودای گەورە هەر هێندەی بە نیسب کردینە، شوکور بە ئەوە سەدان کەس هەن وەکو ئێمە منداڵیشیان نییە و چ کێشەیەکیشیان نییە، خوا هەڵناگرێ پیاوەکەم زۆر منەتبارم بوو لەو هەڵوێستەم و زۆری رێز لێدەگرتم، جاری واش هەبوو دەیگووتە من: ئافرەت، چ عەیبی تێدا نییە، هەقی خۆشتە، ئەگەر ویستت جیا بیتەوە شەرت بێ بای زەڕەیەکش دڵت نەیەشێنم و هەرچی هەق و حقوقیشتە بتدەمێ ئەگەر حەزت کرد بچی مێردێکی دیکە بکەیەوە ئەو قسانەی چەند جارێك دووبارە و دووپات دەکردەوە، منیش چەند جارێك راز و نیازی راستەقینەی دڵی خۆمم پێدەگوت، کە هەموو ماڵی دنیایێ و هەزار منداڵیش بە نینۆکێکی تۆ ناگۆڕمەوە، کەچی ئەو هەر ناوە ناوە ئەو باسەی دەکردەوە، بەڕاستی ئەمنیش هەستم بەو قسانەی زۆر بریندار دەبوو، بەڵام بەسەرخۆم دانەدەهێنا، ئەویش بە بۆنە و بێ بۆنە دەیکوتایەوە، ئاخیرییەکەی لە ئێسکم کاری کرد و زۆری پێ قەڵس بوم، نەجارێك نە دووان، دەبوو ئەو قسانەی بێ تەرك بدەم، رۆژێك کە ئەو باسەی هێنایەوە گۆڕێ، منیش پێمگوت، ئەرێ کابرا لە تامت بردە دەرێ، ئەگەر دەتەوێ جیا بینەوە... ئەگەر دەتەوێ جیا بیتەوە، چت کرد، هەموو رۆژێ هەستم پێ بریندار دەکەی، خۆ بە خۆم عەقڵم هەیە، هەستم هەیە، دەزانم هەق و حقوقم چییە، پێویست ناکات بە بیرم بێنیەوە، ئەگەر ویستم لەبەر منداڵ جیا ببمەوە، لێت جیا دەبمەوە و پرسیشت پێناکەم، دەبیبڕێنەوە و بەسە، چیدی ئەو باسە مەکەوە.

لە دوای ئەو وەڵامەم چیدیکە ئەو باسەی نەکردەوە ئێمە نزیکەی نۆ ساڵان بەوپەڕی خۆشی و تەباییەوە، ژیانی ژن و مێردایەتیمان بەسەر برد تا ئەو رووداوە نەفرەتییە روویداو ژیانمان سەرتاپا بەرەو خراپی و ناخۆشی



و زەحمەتی گۆڕا، ڕۆژێکی هەینی لەگەڵ خزمان چووینە سەیران، لە ئۆتۆمبێلەکەی ئێمە تەنیا خۆم و خۆی تێدابووین، کە لە شەقڵاوە دەرچووین، دوو ئۆتۆمبیل پێشبڕکێیان دەکرد و وەکو گوللە لە تەنیشتمان دەرپەڕین، خێرایان دەکرد و هێواشیان دەکردەوە، فڕکان فڕکانێیەیکان بوو ئەوسەری دیار نەبێت، هێندە ئەو بەزمەیان کرد تا ئۆتۆمبێلەکەی پێشەوە لە خێراییان وەرگەڕا و ئەویتریش خۆی لە ئۆتۆمبێلێکی تردا و ئۆتۆمبێلێکی دیکە ویستی خۆی لێدەرباز بکاتە بەڵام خۆی بە ئێمە دا کێشا و ئێمەش وەگەڕاین بەهەرحاڵ من بە سووکی برینداربووم، بەڵام پیاوەکەم زۆری ئازار خواردبوو. لە هۆش خۆی چووبوو دوو سێ ڕۆژ لە نەخۆشخانە هەر بەبێ هۆشی مابۆوە، پاشان کە بە ئاگاهاتبۆوە نەیدەتوانی پێیەکانی بجولێنی، پزیشکەکان جۆرەها پشکنینیان بۆی کرد، بڕبڕەی پشتی ئازاری زۆر پێگەیشتبوو، گوتیان دەماری ناو بڕبڕەی پشتی خوێنی بۆ نەچووە و لە ئەنجامدا دەمارەکە وشك بۆتەوە و هەردوو پێیەکانی ئیفلیج بوونە و لە پیاوەتیشی خستووە، هەر چەندە لە پیاوەتی خستنەکەی دەروونییە زیاتر و ئومێدی چاکبوونەوەی هەیە، چونکە لە ڕووی دەمارەوە، ڕاستەوخۆ زیانی پێنەگەیووە، بەڵام لەبەر زەرەری، دەماری پشتی ئەویش کاریگەر بووە بەو زەرەرە بەڵام چاکبوونەوەشی لەو زەبرە ماوە و پشووی دەوێ و دەبێ لە ژێر چاودێری پزیشك بێ، نیزیکەی دوو مانگێك لە نەخۆشخانە مایەوە ئەوجا دەرمانهێنا و هێنامانەوەماڵەوە، من دوو سێ مانگان لەدیاری بووم، بەردەوام خزمەتیم دەکرد، لەو وەزیفەیەی کە هەبوو خانەنشین کرا، لەباری خەرجی و مەسرەفەوە چ کێشەیەکمان نەبوو، داهاتمان زیاد بوو کەم نەبوو، بەڵام (گەیلان) کە لە نەخۆشخانە دەرمانهێنا، بەردەوام خەونی ناخۆش ناخۆشی دەدەیت و ڕادەچنی، بەڵام دوای دوو مانگ لە ماڵەوە مانەوە، تەماشام دەکرد، زۆر هەستیار بووە، دڵی ناسك بووە، بە بچووکترین شت هەڵدەچوو، تووڕە دەبوو، هاواری دەکرد، ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبوو، هەستم دەکرد بەردەوام خۆی دەخواردەوە و قەهری لە خۆی دەخوارد، ڕۆژی چەندین جار دەیگوت بریا بمردبام بەس ئەو وەزعەم بەسەر نەهاتبا و خۆم بە ئیفلیجی نەدیتبا، من کە دڵیم دەدایەوە هێندەی دیکە دەهری دەبوو، شێت و هارتر دەبوو، بۆیە منیش وازم لێهێنا چیدیکە دڵی بدەمەوە، کە دەمبردە لای پزیشکی دەروونی خۆی، هەتا دوو سێ ڕۆژان باش دەبوو، بەڵام دیسان دەستی پێدەکردەوە و ژیانی لێتاڵ دەکردمەوە، بەڕاستی لەوزەم نەما، باشە ئاخر کابرا بە هەموو شێوەیەك دڵت ڕادەگرم، بە هەموو شێوەیەك خزمەتت دەکەم، پێم ناڵێی ئەو هەموو منەتە چییە لەسەرم دەکەی؟

## گومان لێکردن

(فەلاح) ی پارێزەر دەمێك لە گێڕانەوەی بەسەرهاتی ژنەکە وەستا و پەرداخە ئاوێکی خواردەوە و بانگی چایچییەکەی خۆی کرد کە دوو چای گەرم و خەست بێنێت، ئەویش دوای دوو خولەك دوو چای هێنا و جارێ هەر زوو چایەکەی خۆی تێکدا و فڕێکی گەورەی لێدا و گوتی: من بە باشی و وردی گوێم بۆ ژنەکە شل کردبوو، کە بەو دوورو درێژییە وەسفی ژیانی خۆی کرد، مەبەستی ئەوە بوو، وەکو خۆی دەیگوت باشتر لە هۆکاری داواکردنی جیابوونەوەکەی بگات، ئەوجا هاتە سەر هۆیە ڕاستەقینە و سەرەکییەکەی کە وایلێکرد بڕیاری جیابوونەوەی لێبدات، ژنەکە دەستی بە گێڕانەوە کردەوە و بەمشێوەیە هاتە سەر بابەتێکی دیکەی کێشەی نێوان خۆی و مێردەکەی و گوتی: من لە دڵی خۆمدا دەمگوت کابرا لێی قەوماوە هەست بە کەمی دەکات و دڵی بەخۆی دەسووتێ، کە بە کەسوکاری خۆمم دەگوت ئەوها دەکات و ئەو قسانەم پێدەڵێ دەیانگوت: کچم کابرا لێیێ قەوماوە، ئەوەی بەسەریدا هاتووە کەم نییە، لێی مەگرە، بەخودا هەم نازت بەسەردا دەکات و هەمیش شەرمی بەخۆ دێتەوە، دەمگوت: کوڕە بابە وەڵلا ئەو نازەم ناوێ با نەیکات من بەخۆم نازی هەڵدەگرم و لەوەش زیاتر بەس با زمانی شیرین بکات و واز لەو تەبیعەتە توند و شەڕانگێزیەی بێنێ، سەیر لەوەدابوو هەستم دەکرد، پرسیاری سەیر سەیرم لێدەکات و پرسیارەکانیشی هەمووی بۆنی گومانی لێدێت، دەچوومە بازاڕ، کە دەهاتمەوە لێکۆڵینەوەی لەگەڵم دەست پێدەکرد و دەیپرسی، بۆ کوێ چووی، چوویتە کام دوکان، بە کوێدا چووی، لەگەڵ کێ قسەت کرد، بۆ ئەوەندەت پێچوو؟ ئەوجا نەیدەبڕیەوە، جاری وا هەبوو شەو خەوی بەمنەوە دەدەیت، بەیانی کە لە خەو هەڵدەستاین دەیگوت : ئەمڕۆ بە هیچ شێوەیەك نابێ بچیتە دەرەوە، بۆ هیچ شوێنێك ناڕۆی، ماڵەوەی لێدەکردمە بەندیخانە، تووشی داوی خۆم ببوم، باشە ئاخر من ئەوەندە خزمەتت دەکەم، ئەوەندە نازو فیزت هەڵدەگرم پێم ناڵێی تۆ من بەچی تێدەگەی، ئایا من کۆیلەی تۆم یا بەندی تۆم تا بەمشێوەیە مامەڵەم لەگەڵدا بکەی!؟ نەدەبوو پیاوێك، هەرچەندی نێزیك و خزمان بایە بێتە ماڵمان، خۆ ئەگەر بهاتایە، چاوی لە دووڕ چاوم دەناو و چاودێری دەکرد، بەجۆرێك بەڕاستی لەخۆم تەریق دەبوومەوە، ئاخر کابرای میوان هەستی بە چاودێریکردنی ئەو بۆمن دەکرد و زوو دەیزانی، ئینجا لەوەش بترازێ، فێرببوو جنێوی پێدەدام، ڕۆژێك نەبوو دووان نەبوو ئیتر منیش لەوزەم نەما و لەگەڵی براندمەوە و پێمگوت (گەیلان) ئەوە چەند مانگێك لە ناو جێگا کەوتووی و بێ قسور خزمەتت دەکەم و لەسەر دەستان ڕامگرتووی سەرەتا دەستت بە بۆڵە بۆڵ کرد گوتم قەیناکە، پاشان شەڕ و ئاژاوە نانەوەت گرتەبەر، هەر گوتم قەیناکا، ئەوجا گومان کردن، و پاشان جنێودانت دەستی پێکرد، سەدان جار هەستت بریندارکردووم، سەدان جار ڕوو شکێنت کردووم، هەر قبوڵم کرد، شك و گومانت بۆ جنێوت بوو. تۆ نە منداڵت هەیە، تۆ نە پیاوەتیت ماوە، نەدەتوانی بڕۆی بە پێیان نە کارێکت پێدەکرێت، ئەو ڕەزاڵەتە چییە پێم دەدەی، ئەو تاڵاوە چییە پێم دەچێژی؟، ئەوە من ڕۆیشتم دەوجا با یەکێك بێت خزمەتت بکات، بەمجۆرە لە ماڵ دەرچووم و چوومە ماڵی بابم، ئەوانیش لەگەڵ ماڵی باوکی دانیشتن و پێمان گوتن ئیتر ئەو هەموو سوکایەتی و ئازاردانەی کچمان بەسە، ئەوان گوتیان حەق بە ئێوەیە و هەرچی بڵێن ڕاستەو هەقی خۆتانە.

## دادگا ئاشتی کردنەوە

(فەلاح)ی، پارێزەر درێژەی بە قسەکانی دا و گوتی: ژنەکە پێی گوتم تەڵاقم بۆ وەربگرە و هەرچی هەقێکیشم هەیە، بۆمن بستێنە، منیش دوای چەند ڕۆژێك داوام لەسەر مێردەکەی تۆمار کرد و لە ڕۆژی دادبینی بەخۆو بە عارەبانەوە هاتە دادگا، کە بانگیان کردن چووینە ژوورەوە، دادوەر لە ژنەکەی پرسی کەچی دەوێ؟ ئەویش گوتی: جیابوونەوە، کە لێی پرسی بۆ، ویستی قسە بکات، پیاوەکەی ئارەقەی کرد و ڕەنگ و ڕووی گۆڕا و هەموو ئامادەبووان زانیان لەشەرمان ڕەنگ و ڕووی گۆڕاوە و سوور هەڵگەڕاوە، ژنەکەی پێش ئەوەی وەڵام بداتەوە سەیرێکی پیاوەکەی کرد و لە وەزعی گەیشت، کە وەڵامی دایەوە تەنیا گوتی: جەنابی دادوەر خەتای منە، من تەحەمولم نەماوە، ناتوانم لەگەڵی بژیم، هیچ هۆی دیکە نییە، کە وایگوت مێردەکەی فرمێسك بەچاویدا هاتە خوارەوە و پڕی دایە دەستی ژنەکەی و ماچی کرد، دادوەر سەری لەم هەڵوێستە سووڕما، ژنەکە کە ئەم وەزعەی دیت و گوتی: جەنابی دادوەر من لە داواکەی خۆم پەشیمانم بوومەوە، دادوەریش لە مەسەلەکە گەیشت و هەردووکی پێك هێنانەوە و دڵی هەردووکیانی دایەوە و پیاوەکە دەستی بە قورئانەکەی سەر مێزی حاکم دادا و گوتی: بەو قورئانە هەتا ماوم لە گوڵ کاڵتری پێنەڵێم من لە بەرامبەری ئەودا ستەمکار و هەڵە بووم، ئەو ژنەم زۆر بەشەرەف و ناموسە ئەگەر ئەو بە من ڕازی بێ، مەمنوونی دنیا و قیامەتی دەبم.



**مێردەکەی فرمێسکی بەچاویدا هاتە خوارەوە و پڕی دایە دەستی ژنەکەی و ماچی کرد، دادوەر سەری لەم هەڵوێستە سووڕما**

**سەیر لەوەدابوو هەستم دەکرد، پرسیاری سەیر سەیرم لێدەکات و پرسیارەکانیشی هەمووی بۆنی گومانی لێدێت**